


# تاهیر قاسمی

## مارسی ٢٠٢٣

دوای تێپەڕبوونی نیزیک بە شەش مانگ بەسەر شۆڕشی ژینادا، سەرەنجام گروپێک لە کەسانی ئێرانیی دیار لەسەر مێدیا و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە دوای یەکەم کۆبوونەوەی بە ئاشکرایان لە هۆڵێکی زانستگای جۆرج تاونی ئەمریکا، بە "گروپی جۆرج تاون" ناسران، بەرنامەیەکیان بۆ چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی بڵاو کردەوە. گروپەکە ناوی "مەنشووری هاوپەیمانی و ڕێکخستن بۆ ئازادی"یان لەسەر بەرنامەکەیان داناوە و وشەکانی پێکهاتەی ئەو ناوەشیان بە زمانی فارسی وا هەڵبژاردووە کە پیتی یەکەمی هەرکام لەو وشانە بەیەکەوە ناوی "مهسا" پێکبێنن. بەو پێیەش مەنشوورەکەیان ناو ناوە مەنشووری مەهسا.

گروپەکە پێش کۆبوونەوەی جۆرج تاون شەش کەس بریتی لە؛ ڕەزا پەهلەوی، حامیدی ئیسماعیلیون، مەسیح عەلینەژاد،

نازەنین بونیادی، عەلی کەریمی و گوڵشیفتە فەراهانی بوون. یەکەم کاری نیوەهاوبەشیشیان بڵاوکردنەوەی دەقێکی هاوبەش بۆ پیرۆزبایی سەری ساڵی زایینیی ٢٠٢٣ لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتێر و لە سەر ئەکاونتەکانی خۆیان بوو. لەڕاستیدا تویتێر و ڕادەی فالۆوێرەکانی ئەو کەسانە هۆکاری هەرە سەرەکیی سەپاندن یان خۆسەپاندنی ئەو شەش کەسە بە ناوی "ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەدەرەوەی وڵات" بوو. دەکرێ بڵێین تا ئەو کات ئەکاونتەکانیان لە تویتێر گەورەترین سەرمایەی سیاسیی ئەوان بوو؛ لە کاتی ئامادەکردنی ئەم بابەتەدا، عەلی کەریمی ١ میلیۆن و حەوسەد هەزار، ڕەزا پەهلەوی ١ میلیۆن و دووسەد هەزار، گوڵشیفتە فەراهانی ١ میلیۆن، حامید ئیسماعیلیون ٧٤٠ هەزار، مەسیح عەلینەژاد ٧١٧ هەزار و نازەنین بونیادی بە ٥٧٠ هەزار زیاترین ڕێژەی فالۆوێری تویتێریان لەنێو ئێرانییەکانی چالاک لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتێردا هەیە. لە کۆبوونەوەی جۆرج تاوندا و بە پەیوەستبوونی هەر یەک لە شیرینی عیبادی (لە تویتێردا زۆر چالاک نییە) و عەبدوڵڵا موهتەدی (١٨ هەزار فالۆوێر)،

گروپەکە بوو بە هەشت کەس بەڵام دواجار و بە بێ ڕوونکردنەوە، ناوی هەر یەک لە عەلی کەریمی و گوڵشیفە فەراهانی لە لیستی ئیمزاکانی مەنشوورەکەی جۆرج تاوندا نەهات و لە کۆبوونەوەکانی دواتری گروپەکەشدا ئیتر بەشدار نەبوون. بەو حاڵەش لەخوارەوە بە کورتی هەڵوێستە لەسەر کەسایەتیی سیاسیی هەرکام لەو هەشت کەسە دەکەین:

١. لەنێو ئەو هەشت کەسەدا کەسایەتیی هەرە دیار، ناسراو و دەستڕۆیشتووی گروپەکە **ڕەزا پەهلەوی**یە. ئەو وەلیعەهد و جێگرەوەی محەممەد ڕەزا پەهلەوی دوایین شای ئێرانە. دوای مردنی باوکی، سوێندی پاشایەتی خواردووە و کاندیدای بێ ڕکابەری ڕەوتی سەڵتەنەتخواز بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی پاشایەتی لە داهاتووی ئێرانی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی‌یە. ئەو هەم ناوبانگی شاهانەی باوک و باپیری لەپشتە و هەمیش ئەو پووڵە زۆرەی بۆ ماوەتەوە کە دوای هەڵاتن لە ئێران، دایک و باوکی

لەگەڵ خۆیان هێنایان یان لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا پاشەکەوتیان کردبوو. بەوەش ڕۆژانە چەندین میدیای فارسزمان پشتیوانی لێ دەکەن و بۆی لە تەپڵی پاشایەتی دەدەن. هاوکات لەلایەن ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئێرانیانی دەرەوەی وڵاتیش بە توندترین و بێ تەحەمولترین شێوە پشتیوانی دەکرێ. دەیان حیزب، ڕێکخراو و پێکهاتەی وەک حیزبی مەشرووتەی ئێران، ڕێکخراوی مەشرووتەخوازان، حیزبی پانئێرانیست، شورای میللیی ئێران، حیزبی ئێرانی نەوین و... بۆ پشتیوانی لە گەڕانەوەی ئەو بۆ سەر تەختی پاشایەتی دامەزراون و پشتیوانی دەکەن. وێڕای ئەوانە، لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکانی سەر بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، بە هۆی شکستی باڵی ئیسلاح تەڵەب یان ڕاستەوخۆ لەلایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە، لە دەرەوەی وڵات و لە دەوری ڕەزا پەهلەوی کۆبوونەتەوە. ئەوانە گرینگترین پێرسۆنێلی سیاسیی ئەو پێکدێنن. تەنانەت بەشی زۆری ئەندامانی نێو گرووپی جۆرج تاونیش لە باڵی ڕیفۆرمخوازی نێو ڕێژیمی ئێرانەوە هاتوون. زۆربەشیان کێشەی ئەوتۆیان لەگەڵ

گەڕانەوەی سیستمی پاشایەتی و پاشایەتیی "ڕەزا پەهلەویی دووهەم" یان "پەهلەویی سێهەم" نییە.

ڕەزا پەهلەوی لەڕاستیدا لە هەموان زیاتر پێویستیی بە بوون لە گروپی جۆرج تاوندا هەیە. ئەو نوێنەرایەتیی دەسەڵاتێکی ڕووخێندراو لەلایەن خەڵکی ئێران  و دەرکراو لەو وڵاتە دەکا. بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر گۆڕەپانی سیاسیی ئێران، پێویستی بە وەرگرتنی جۆرێک مەشرووعییەتی ڕێژەیی لە خەڵک یان لە ئۆپۆزیسیۆنە. مەشرووعییەتێک کە لە شەقامەکانی ئێرانەوە بۆی دەستەبەر نەکرا. بەپێچەوانەی سەرهەڵدانی ساڵی ٩٨ کە دروشمی "ڕەزا شا ڕۆحت شاد" دروشمێکی سەرەکی بوو و سەڵتەنەتخوازەکان ئەوەیان وەک خواستی خەڵک بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی لێکدایەوە و مانۆڕیان لەسەر دا، لە شۆڕشی ژینادا کەمترین دروشم و پشتیوانی لەو ڕەوتە بەر گوێ کەوت. ئەوە بوو کە دوای ناهومێدی لە شەقام، سەڵتەنەتخوازەکان هەوڵیان دا ئەم مەشرووعییەتە لە ڕێگای بەڕێخستنی کەمپەینێک

بەناوی "دانی وەکالەت بە شازادە" قەرەبوو بکەنەوە. بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر و بانگەشەی چەندین مێدیای بەهێز، لەوەشدا سەر نەکەوتن و ڕێژەی وەکالەتدەران سەرەڕای هەموو فرت و فێڵەکانی بەکارهێنانی ئینترنێت چەند سەد هەزار تێپەڕی نەکرد. دوای ئەوە بوو کە ڕەزا پەهلەوی ناچار بوو لە بورجی عاج دابەزێ و فەرمانی ئۆتووبووسی جۆرج تاون بسووڕێنێ. تا بەڵکو لەپەنا کەسانێکی دیکەدا و بە ناوی ئۆپۆزیسیۆن ئەم مەشرووعییەتە دەستەبەر بکا.

٢. **حامیدی ئیسماعیلیون** تا پێش ئەنگاوترانی فڕۆکە ئۆکرانییەکە کە تێیدا ژن و منداڵەکەی ئەویش بەرکەوتن، نووسەر و شاعیرێکی کەمناسراو بوو. دوای ئەوەی بوو بە وتەبێژی بنەماڵەکانی قوربانیانی ئەو فڕۆکەیە، ناسرا. یەکەم هەنگاوی سیاسیی ئەو، بانگەواز بۆ خۆپێشاندانی ئێرانییەکان بە مەبەستی پشتیوانی لە شۆڕشی ژینا، لە شاری ئۆتاوای کانادا بوو کە بە مەزەندە پەنجا هەزار کەس تێیدا بەشدار بوون. ئەوە بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ

ئەو و بۆ شۆڕشی ژینا هەژمار کرا. هەمان بانگەواز لە شاری بۆنی ئاڵمان بە بەشداریی حەشیمەتێکی نیزیک بە سەد هەزار کەسی، ناوی حامیدی زیاتر بە گوێی خەڵک لە نێوخۆ و دەرەوە گەیاند. ئەو بە ڕەچەڵەک خەڵکی شاری ئەراکە بەڵام لەدایکبوو و گەورەبووی شاری کرماشانە. بەوە چاوەڕوان دەکرا وەک لاگرێکی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران دەربکەوێ. بەڵام لە داڕشتنی مەنشووری جۆرج تاوان و لە وتووێژێکدا کە دوای دەرچوونی مەنشوورەکە لەگەڵ دۆیچەوێلەی ئاڵمانی ئەنجامی دا، وا دەرنەکەوت و زیاتر ڕۆڵی پاساوهێنەرەوەی گێڕا. جگە لەوە کە جارێک ئۆگریی خۆی بۆ سەقامگیربوونی دەسەڵاتێکی کۆماری لە ئێراندا دەربڕیوە، لەباری سیاسییەوە ڕێچکەیەکی ڕوونی نییە. تا پێش ئەو ڕووداوانەش زۆر لەنێو سیاسەتدا نەبوو. نەخشی ژنە موجاهیدێک لەسەر کتێبێکی بە ناوی "گاماسیاو ماسی تێدا نییە"، ئەو گومانەی لەسەر دانا کە لە موجاهیدینی خەڵقی ئێران نیزیکە. لەسەر ئەوە هەم لەلایەن مێدیاکانی کۆماری ئیسلامی و هەم سەڵتەنەت تەڵەبەکانەوە زۆر

جار کەوتە ژێر ڕەخنە و گوشار. بەڵام ئەو بە هەڵکوتانە سەر ڕێکخراوی موجاهیدین و ئەوە کە ئەو ڕێکخراوە لەنێوخۆ ناخۆشەویستە و لایەنگری نییە، چەند جار ئەوەی وەک تۆمەتێک شێلگیرانە ڕەد کردۆتەوە. ئەم بەزمی لەناڵ و بزماردانەی سەبارەت بە موجاهیدین چەندان جار دووپات کردۆتەوە. هەر جارێ کە لە قسەکانیدا چراسەوزێکی بۆ موجاهیدین داگیرساندبێ دواتر لەژێر گوشاری بەدەنەی سەڵتەنەت تەڵەبەکاندا هەڵیکوتاوەتەوە سەر کارنامە و پێگەی موجاهیدین لەناوخۆی ئێران. بەو هەڵسوکەوتانەی گومان دەکرێ زیاتر لە شەش کەسەکەی دیکە سنووربەندی لەگەڵ ڕەزا پەهلەویدا هەبێ بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان، ئەو سنووربەندییە کاڵ و کاڵتر بووەتەوە.

حامید وەک زۆربەی ئەندامانی گروپەکە حیزبێکی سیاسی لەپشت نییە. بێجگە لە هێندێک پشتیوانی لە کاندیدای ئیسلاح تەڵەبەکان لەناوخۆی ئێران و دواتر وتەبێژیی بنەماڵەکانی

قوربانیانی فڕۆکە ئۆکراییننیەکە و بانگەواز بۆ چەند خۆپێشاندان لەم چوارچێوەیەدا، پشتیوان و پشینەیەکی سیاسی نییە.

٣. **مەسیحی عەلینەژاد** لە سەردەمی دەوڵەتی ئیسلاحاتی محەممەدی خاتەمیدا لە ڕۆژنامەکانی سەر بە باڵی ئیسلاحاتدا دەستی بە کاری ڕۆژنامەنووسی کرد. سەردەمێک هەواڵنێری پارلمانیی هەواڵدەریی ئیرنای سەر بە دەوڵەتی جمهوری ئیسلامی بوو. دوای سەرکوتی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەوز پەڕەوازەی دەرەوەی وڵات بوو بەڵام وەک ڕۆژنامەنووس و مێدیاکارێکی لێهاتوو لە تێکۆشانی مێدیایی دژ بە ڕێژیمی تاران نەوەستا. بەو حاڵەش کەم و زۆر وەفادار بە ڕەوتی ئیسلاح تەڵەبی مایەوە. بە جۆرێک کە لە دوا هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا، لە دەرەوەی وڵاتەوە پشتیوانی لە حەسەنی ڕووحانی کرد. بەڵام کارنامەی سەرکۆماریی ڕووحانی لەوە خراپتر بوو کە مەسیح و کەسانی دیکەش لە دەرەوەی وڵات پێی وەفادار بمێننەوە. بە وەڕێخستنی کەمپەینی

"چوارشەممە سپی‌یەکان" و "ئازادییە پەنامەکییەکان" ڕۆڵی باشی لە هاندانی ژنان بۆ لادانی حیجاب و جوابنەدانەوە و بەرەنگاربوونەوە لەحاند کۆماری ئیسلامیدا گێڕا. لەدەرەوەی وڵاتیش بە کەڵکوەرگرتن لە تلویزیۆنە فارسی زمانەکانی وەک دەنگی ئەمریکا، توانی دەنگی خۆی بە ناوخۆی وڵات بگەیەنێ. دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، لێبڕاوانەتر هاتە مەیدان و توانی لە ئاستی بەرزدا چاوی بە ژمارەیەک لە بەرپرسانی پایەبەرزی وڵاتانی ڕۆژئاوا بکەوێ.

بەڵام سەرەڕای ئەوانە، مەسیحیش وەک حامیدی ئیسماعیلیون، هەوڵەکانی تاکەکەسین و حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی لەپشت نییە. بێجگە لە دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، ڕووخانی ئەو ڕێژیمە و گەیشتن بە هێندێک ئازادی بە تایبەت لە بواری کۆمەڵایەتیدا، بەرنامەیەکی سیاسیی ڕوونی بۆ داهاتووی ئێران نییە. ئەو پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ بنەماڵەی پەهلەویدا هەیە و تا ئێستا ناتەبایی خۆی لەگەڵ گەڕانەوەی سەڵتەنەت بۆ

ئێران و بەپاشایەتیی گەیشتنی ڕەزا پەهلەوی لەخۆی نیشان نەداوە.

٤. **نازنین بونیادی** بە منداڵی لەگەڵ بنەماڵەکەی چووەتە دەرەوەی وڵات و لە بریتانیا گیرسایەوە. خوێندنی لە بواری سینەمادا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا درێژە پێ دا و وەک ئەکتەرێکی سینەمایی دەستی بە کار کرد. لەپەنا کاری سینەمادا لەبواری مافی مرۆڤیش چالاک بووە. ساڵی ٢٠٠٩ بوو بە وتەبێژی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی. پشتیوانی لە سینەماکارانی بەندکراو محەممەد ڕەسووڵ ئۆف و جەعفەر پەناهی، پشتیوانی لەو ئەمریکاییانەی لەلایەن جمهوری ئیسلامییەوە بەند کراون و پشتیوانی لە بەیاننامەی ئەو چواردە کەسەی لە ناوخۆی وڵاتەوە داوای دەست لەکارکێشانەوەیان لە عەلی خامنەیی کردبوو، ئەویان زیاتر ناساند.

له تێکۆشانی سیاسیدا ئەویش حیزب و ڕێکخراوی سیاسی نییە. لەباری سیاسیشەوە ڕێچکەیەکی و خولیایەکی دیاری نییە و تەنیا داکۆکی لەسەر ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دەکا.

٥. **گوڵشیفتە فەراهانی** کچی ئەکتەرێکی سینەمای ئێران لە دەورانی شا و کۆماری ئیسلامی بەناوی بێهزادی فەراهانی‌یە. لە تێکۆشانی هونەری و سینەمایی خۆیدا کچێکی سەربزێو و ناپێمل بە یاسا و ڕێساکانی کۆماری ئیسلامی بوو. لەبەر ئەوەش کەوتە بەر گوشار و لێکۆڵینەوە. سەرەنجام ئێرانی بەجێ هێشت و پەڕەوازەی دەرەوەی وڵات بوو. لەدەرەوە وەک ژنێک و وەک ئەکتەرێکی سینەما درێژەی بە کاری هونەری و دژایەتیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دا. لەباری سیاسییەوە، گوڵشیفتە پێی وایە باس لە جۆری حکومەتی داهاتووی ئێران و ئەوە کە چارەنووسی گەلانی ئێران چی لێ دێتەوە، خیانەتە و دەبێ هەموان تەنیا داکۆکی لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بکەن.

دوای ئەوەی ناوی گوڵشیفتە لە لیستی واژۆکانی مەنشووری جۆرج تاوندا نەبوو، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەو گروپەش چووەدەر و ئیدی وەک ئەندامێکی گروپەکە حیسابی بۆ ناکرێ.

٦. **عەلی کەریمی** یەک لە خۆشەویست ترین یاریزانەکانی مێژووی فووتباڵی ئێرانە. لە نێوخۆی ئێران زۆر جار وڵامی کاربەدەستانی ڕێژیمی نەدەدایەوە و وەک یاریزان و دواتر فووتباڵییەکی سەرکێش و تا ڕادەیەک بەرهەڵستکار لە لای خەڵک بە تایبەت لەنێو لاوانی ئۆگری یاریی فووتباڵدا خۆشەویست بوو. لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە و بە ئەکاونتە پڕ فالۆوێرەکانی لە تویتێر و ئینستاگرام پشتیوانی لەو سەرهەڵدانە کرد. دواتر زاندرا کە لە وڵاتی ئیمارات نیشتەجێیە. ڕێژیم لە ڕێگای جۆراوجۆر هەوڵی دا بیگەڕێنێتەوە بۆ نێوخۆی وڵات بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. تا سەرەنجام لە وڵاتی ئاڵمان گیرسایەوە. ئەویش زیاتر لە گوڵشیفتە، پێی وایە ئێستا باس لە

دارشتنەوەی ئێرانی داهاتوو خیانەتە. لەو کەسانەیە کە بە ئاشکرا پشتیوانی لە ڕەزا پەهلەوی کردووە و وەکالەتی خۆی لە باری سیاسیەوە بە ئەو ئەسپاردووە. ئەویش ناوی لە لیستی واژۆکانی جۆرج تاوندا نەبوو و لە کۆبوونەوەکانی دواتری گروپەکەشدا ئیتر نەبیندرا.

٧. **شیرینی عیبادی** پارێزەر و مافناس تا پێش لە کاندیدابوون و وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل ئەگەرچی بە وەئەستۆ گرتنی دۆسیەی جۆراوجۆر لە دادگاکانی ئێران توانیبووی تا ڕادەیەک خۆی بناسێنێ، بەڵام کەسایەتییەکی زۆر ناسراو نەبوو. دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە نەگەڕایەوە ناوخۆ و لە دەرەوەی وڵات گیرسایەوە. لەباری سیاسییەوە هێڵێکی ڕوون و ئاشکرای نییە و زیاتر وەک چالاکێکی بواری مافی مرۆڤ ناسراوە.

بێجگە لە ڕەزا پەهلەوی، خاڵی هاوبەشی هەر شەش کەسی سەرەوە کەم ئەزموونییان لە کاری سیاسیدا، نەبوونی حیزب و بێ پشتیوانەیی ڕێکخراوەیی و سیاسی، دژایەتی نەکردنیان لەگەڵ

گەڕانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی بۆ ئێران، بە گرینگ نەزانینی سیستمی حکوومەتیی دوای کۆماری ئیسلامی و ڕابردووی نیزیکایەتییان لەگەڵ باڵی ئیسلاح تەڵەبی حکوومەتی کۆماری ئیسلامییە. بەڵام لەم نێوەدا کەسایەتیی کەسی هەشتەم لەگەڵ ئەوان جیاوازیی زۆری هەیە.

٨. **عەبدوڵلا موهتەدی** سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانە کە بە فارسی ناوی "حزب کومەله کردستان ایران"ی بۆ داندراوە. چونکە لایەنی دیکەش بە ناوی کۆمەڵە تێکۆشانیان هەیە، لەم بابەتەشدا هەر بە ناوی "حیزبی کومەڵە" ناوی دێ. تا پێش لە یەکگرتنەوەی لەگەڵ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، لەنێو حیزبەکەیدا بەرهەڵست و ڕەخنەگری نەبوو. دوای یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبی دێموکرات و دواتر دوو باڵی کۆمەڵە کە پێشتر ئەو چوارە بە یەکەوە "ناوەندی هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران"یان پێکدەهێنا، بە کردەوە نیوەی ئەو ناوەندە و لەسەر

میدیاکانی سەر بە ڕەوتی سەڵتەنەتیش وەک وتەبێژی ناوەند و لە ڕاستیدا وتەبێژی هەردوو حیزب خۆی نیشان دا. ناوەندێک کە ڕێبەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆی خۆپێشاندانەکانی شەش مانگ شۆڕشی ژینای لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و بەوەش موهتەدی توانی لەنێو فارسەکان و ئێرانییەکاندا پێگەیەکی قایمتر بۆخۆی دەستەبەر بکا.

لەباری هێڵی سیاسییەوە موهتەدی کارنامەیەکی ئاڵۆزی تۆمار کردووە؛ یەک لە دامەزرێنەرانی سازمانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانە. کۆمەڵەی سەرەتا ڕێکخراوێکی کوردیی چەپ بوو. دوای ئینقلابی ئێران یەکەم جێژنی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانی لە بۆکان کردەوە. نەفسی هەڵبژاردنی ناوی کۆمەڵەش گۆشەنیگایەکی لە کۆمەڵەی ژێکاف وەک بناخەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان بوو. بەڵام لەژێر دۆخی چەپایەتیی سەردەم و ڕێبەرانی کومونیستیدا، کۆمەڵە بەرەبەرە لە کوردایەتی دوور کەوتەوە و سەرەنجام بە

دامەزرانی حیزبی کومونیستی ئێران، ڕێگایەکی دیکەی گرتە بەر. ڕێگایەک کە کوردایەتی بە شوورەیی دەزانی. موهتەدی زۆر زوو خۆی لەگەڵ ئەو حیزبە و ڕێبازە کومونیستیەکەی ڕێکخست و بۆخۆی چەند دەورە سکرتێری حیزبی کومونیست و کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانیی ئەو حیزبە بوو. بەڵام ئەو پڕۆژەیەش سەر نەکەوت. حیزبی کومونیست تووشی قەتیسمانەوە و کێشەی نێوخۆیی هات. ئەوانەی لەگەڵ ڕێبەرانی کۆمەڵە، حیزبی کومونیستیان پێکهێنابوو، جیا بوونەوە و حیزبی کومونیستی کرێکاریی ئێرانیان ساز کرد. موهتەدی سەرەتا بۆخۆشی لەگەڵ ئەو ڕەوتە بوو بەڵام دواتر پەشیمان بوویەوە و نەچوو. ئەوانەی کە مانەوە درێژەیان بە هەمان چارتی ڕێکخراوەیی حیزبی کومونیست و کۆمەڵە وەک شاخەی کوردستانیی حیزبەکە دا. بەڵام ساڵی ٢٠٠٠ لەژێر باندۆری دۆخی باشووری کوردستان، لە حیزبی کومونیست و شاخە کوردستانییەکەی جیا بۆوە و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی پێکهێنا. ئەمجارە حیزبەکەی وەک حیزبێکی نەتەوەیی نیشان دا کە شان لە

شانی حیزبی دێموکرات بدا. چارەسەری کێشەی کورد لە ئێرانی بە دامەزرانی ئێرانێکی فیدراڵی لە ژێر تەئسیری عێڕاقی فیدڕاڵدا، گرێ دایەوە. لەو ماوەیەشدا هەوڵی دا خۆی بگەیەنێتەوە سەر ئاستی حیزبی دێموکرات و لەگەڵ ئەم حیزبە هاوشانی بکا. بەڵام لەپەنای ئەوەدا ئۆگریی خۆی بۆ نیزیکبوونەوە لەگەڵ هێز و کەسایەتییە فارسە ناوەندگەراکان نەشاردۆتەوە. لەو پێناوەشدا ئامادە بووە بە هەرزان لەگەڵیان بسازێ تا جێگایەک بۆ خۆی و حیزبەکەی لەنێویاندا بکاتەوە. بە واتایەکی دیکە لە ڕێبەریی حیزبی کومونیستەوە تا ساز کردنی حیزبێکی ناسیۆنالیست و سەرەنجام تێکەڵبوون لەگەڵ ڕەوتە هەرە ڕاستگەرا و پاشایەتیخوازەکانی ناوەند، بەشێک لە ڕێچکە نالێکەکانی ڕێبازی سیاسیی تا ئێستای عەبدوڵڵا موهتەدی بووە.

لە ڕاستیدا ئەوەی "مەنشووری مەهسا"ی لە بەرنامەیەکی گرووپییەوە و لە کۆڕێکی سەڵتەنەتتەڵەبییەوە بۆ ڕێککەوتننامە و بەرنامەیەک بۆ بەڕێوەبردنی ئێرانی داهاتوو گواستوەتەوە و بۆ کورد

گرینگایەتی و هەستیاری پێداوە، واژۆی عەبدوڵلا موهتەدی و بوونی ئەو لەگەڵ گروپەکەیە. ئەویش نەک تەنیا وەک کەسایەتییەکی کورد و سکرتێری حیزبێکی کوردی بەڵکو سکرتێری یەک لە دوو لایەنی پێکهێنەری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران. ناوەندێک کە دوای مەرگی ژینا ڕۆڵی گرینگ و سەرەکی هەبوو لە ڕێبەریی کردنی خۆپێشاندان و مانگرتنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئەو خۆپێشاندان، مانگرتن و قوربانیدانانەی کە لەو سەرهەڵدانەدا کوردستانیان کرد بە "چاو و چرا"ی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران. هەر ئەوەش پشتیوانەی عەبدوڵلای موهتەدی بوو تا وەک نوێنەری ئەو "چاو و چرا"یە لەو کۆڕەدا جێی خۆی بکاتەوە. ئەگەر موهتەدی لەگەڵ ئەم گروپە نەبا، گروپەکە ڕواڵەتی ڕاستەقینەی سەڵتەنەت تەڵەبی، فارسایەتی و ناوەندگەرایی خۆی بە ڕوونی نیشان دەدا و لەلای نەتەوەکانی دیکە گرینگیی ئەوتۆی نەدەبوو. تەنانەت لای ناوەندگەراکانیش ئەو سەنگ و قورساییەی نەدەبوو. نیزیک بە تەواوی ئەندامانی گروپ خۆیان بە فارس، ناوەندگەرای ئاماڵ

سەڵتەنەتخواز و ئەگەر مەزهەبیشیان بۆ گرینگ بێ، ئەوە شیعەی دوازدە ئیمامین. بەڵام موهتەدی لەنێو گروپەکەدا بە تەنیا جێگای نوێنەرێکی کورد، نوێنەری نەتەوە بندەستەکانی ئێران، نوێنەری سوننە مەزهەبەکان و کەمایەتییە ئایینییەکانی تری بۆ پڕ کردوونەتەوە. ڕێککەوتنێکیش کە لەنێوانیاندا هاتووەتە ئاراوە، لە ڕاستیدا ڕێککەوتنی نێوان ڕەزای پەهلەوی وەک کەسێک کە مرخی لە تاج و تەختی پاشایەتی خۆش کردووە و عەبدوڵڵای موهتەدی وەک سکرتێری حیزبێکی کوردی لە ئێرانە.

بەڵام سەرەڕای ئەوە کە موهتەدی لەو کۆڕەدا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە ڕواڵەت نوێنەرایەتی چەندان لایەنی ژێردەست و ستەملێکراو دەکا، مەنشوورێک کە لەنێوان ئەو گروپەدا واژۆ کرا، ڕەزامەندیی ڕێژەیی هیچ لایەک لەوانەی دەستەبەر نەکرد. کاردانەوەکان بە مەنشوور و ناوەرۆکەکەی لەنێو هەموو ئەو لایەنانەدا زۆر نێگەتیف بوو. ئەوەی قسەی لەبارەیەوە کردووە، ڕەتی کردۆتەوە. لە کوردستانیش پشتیوانەکانی بەشێک لە

ئەندامانی حیزبەکەی خۆی کە ئەویان پێ لە حیزبەکەیان و لە نەتەوەکەیان گرینگترە، بەشێک لە خزم و هاوعەشیرەتەکانی لە بنەماڵەی ئاغاوەتی دێبوکری و ئاغاوەتی تر بوون. تەنانەت حیزبی کۆمەڵەش بە فەرمی پشتیوانی خۆی لەو مەنشوورە و لە ئیمزای سکرتێرەکەی دەرنەبڕی و ڕاگەیەندراو و بەیاننامەیەکی لەبارەیەوە بڵاو نەکردەوە. بەوپێیەش، بە سەرنجدان بە سوننەتی پێوەندیی نێوان سەرۆک هۆزانی عەشیرەتی دێبوکری لەگەڵ دەسەڵاتەکانی پاشایەتی، هەوڵی موهتەدی زیاتر وەک هەوڵێکی بنەماڵەیی و عەشیرەیی دەچێ بە مەبەستی نۆژەنکردنەوەی پێوەندیی هۆزەکەی لەگەڵ دەسەڵاتی پاشایەتی و جێ خۆشکردن بۆ داهاتووی خۆیان لە ئەگەری گەڕانەوەی سیستمی پاشایەتی بۆ ئێران. هەڵبەت لە سەر حیسابی کورد و ناوەندی هاوکاری و پشتیوانیی بەشێک لە حیزبەکەی خۆی، حیزبی کۆمەڵە. موهتەدی پێشتریش حەز و خولیای خۆی بۆ نیزیکبوونەوە لە دەسەڵاتی پاشایەتیی لە تاران نەشاردۆتەوە و هەوڵی داوە لە ڕێگای نەنکیەوە ڕەچەڵەکی بنەماڵەیی و عەشیرەتی خۆی بگەیەنێتەوە سەر ئەمیر کەبیر و

ناسرەدین شای قاجارِ. دیارە لە پەیوەست بوونی بە ئەم گروپە و لە واژۆی ڕێککەوتنەکەدا کۆمەڵێک قازانجی مێدیایی و ڕەنگە داراییش بۆخۆی و بۆ حیزبەکەی دەستەبەر بکا و ئەوە حاشا هەڵنەگرە. بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا بەو کارەی؛

- کەلێنی زیاتری خستە ناو کورد و ناوەندی هاوکاریی لاواز و نیوەگیان کرد
- بێزاری، ڕەخنە و گوشاری زۆری چالاکانی سیاسیی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی خستە سەر حیزبەکەی خۆی.
- بە ڕادەی قورسایی خۆی مەشرووعییەتی پێشکەش بە ڕەزا پەهلەوی و ڕەوتی سەڵتەنەتخوازی کرد بۆ گەڕانەوە سەر گۆڕەپانی سیاسی لەئێران.

ئەوە وێڕای واژۆی ناوەرۆکێکی لاواز و بە زیانی کورد کە لە ڕاستیدا بە جۆرێک سەرکەوتن و دانی ئیمتیازی زیاتر بە ڕەزا پەهلەوی ئەژمار دەکرێ.

# مەنشوور و ناوەرۆکەکەی

ئەو ڕێککەوتنەی کە لە نێوان گروپە شەش کەسییەکەدا هاتە ئاراوە، ناوی "مەنشوور"ی لێ نرا. مەنشوور وشەیەکی عەرەبییە لە ڕەگی "نشر"، بە واتای بڵاو کردنەوەی شتی نووسراو. بەڵام هەڵبژاردنی وشەی مەنشوور لە هزر و بیری خەڵکدا زیاتر بیرهێنەرەوەی مەنشوورەکانی پاشایەتی لە ئێران و لەسەرووی هەموان "مەنشووری کۆرووش"ی هەخامەنشییە. بڵاو کردنەوەی مەنشووری شاهەنشاهی دوای کۆرووش و لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی دیکەی دەسەڵاتی پاشایەتیش لە ئێران تا دەسەڵاتی حەمەڕەزشای باوکی ڕەزا پەهلەوی پاتە کرایەوە. زیاترینیش هەر بە واتای فەرمان و بڕیاری کەرەم، بەخشین و دابەشکردنی ماڵ یان ناسناو لەلایەن شا، بەکار هاتووە. ئاخر جاریش ناوی مەنشوور بۆ ئەو فەرمانە نۆ بەندییەی محەممەدڕەزا شا داندرا کە ناوی "مەنشووری شۆڕشی سپی" لێ نرا و تێیدا زەوی بە جووتیاران بەخشرا. بەو جۆرە هەڵبژاردنی ناوی مەنشوور بۆ ئەو

ڕێککەوتنەی نێوان ڕەزا پەهلەوی و ئەوانی تر دەتوانێ ئاماژە بە فەرمانی پاشایەتی و "بەخشینی ملووکانە" بێ کە ڕەزا پەهلەوی نوێنەرایەتی دەکا. هەرچەند ئەگەر مەنشوور بە ڕێککەوتنی نێوان ئەو شەش یان دوو لەو شەش کەسەش دابنێین، دانانی ناوی مەنشوور بۆ ئەو ڕێککەوتنە گونجاو نییە. چونکە مەنشووری کۆرووش و پادشایانی دواتر نە بە واتای ڕێککەوتنی چەند کەس لەسەر ڕێوشوێنێک یان نووسینی ڕێککەوتننامەیەک بەڵکو بریتی لە فەرمانی کەرەمی پادشایە. مەگەر ئەوە کە سەڵتەنەتخوازەکان بیانهەوێ کۆی مەنشووری مەهسا وەک کەرەم و بەخشینی شازادە ڕەزا پەهلەوی دەرهەق بە کەمایەتییە زۆرلێکراوەکان پێناسە بکەن.

وەک لەسەرەتادا گوترا، "مەنشووری هاوپەیمانی و ڕێکخستن بۆ ئازادی" وشەکانی بە ئانقەست وا هەڵبژێردراون کە پیتەکانی سەرەتای هەر چوار وشە بە یەکەوە ناوی "مەهسا" پێک بێنن. وەک ئاماژە بەو شۆڕشەی کە دوای کوژرانی ژینا ئەمینی لەلایەن

پۆلیسی کۆماری ئیسلامی، هەڵگیرسا. مەهسا ناوێکی فارسی، نیشانەیەک لە هەوڵی ئاسیمیلەکردنی تاکی کورد و تاپۆکراو لەسەر ژینا ئەمینی بوو. ناوی ژینا تەنیا لە یەک جێگای مەنشوورەکەدا بە دوای ناوی مەهسا و لە کەوانەدا هاتووە.

گرووپی واژۆکەرانی مەنشوور، ئامانجەکانی خۆیان لە پێنج خاڵدا دەستنیشان کردووە کە چواریان پێوەندییان بە دەرەوەی وڵات و لە دەرەوەش لەسەر هەوڵە جۆراوجۆرەکان بۆ گوشار خستنەسەر کۆماری ئیسلامی چڕ بۆتەوە؛

١. گوشاری نێونەتەوەیی بۆ لابردنی ئیعدام و ئازادیی زیندانیانی سیاسی

٢. گوشار بۆ دەرکردنی باڵیۆزانی ڕێژیم لە وڵاتانی دێموکراتیک،

٣. گوشار بۆ دەرکردنی ئەوانەی پێوەندییان بە کۆماری ئیسلامییەوە هەیە

٤. ڕاکێشانی پشتیوانیی وڵاتانی دێموکراتیک بۆ مەنشوور و لە ڕاستیدا بۆ گرووپی واژۆکەرانی مەنشوور.

٥. هەڵبەستنی ڕێگاگەلێک بۆ گەیاندنی یارمەتی بە خەڵکی ئێران.

وەک دەبیندرێ نیزیک بە تەواوی ئامانجەکانی مەنشوور هەر چاوی لە دەستی وڵاتانی دێموکراتیکە و پتریش هەر بۆ ئەوە نووسراوە کە سەرنجی ئەو وڵاتانە بۆ پشتیوانی لەو گروپە ڕابکێشێ. لە ڕاستیشدا ئامانجی گروپەکە لە خستنەبەرچاوی مەنشوور و لە ڕاکێشانی پشتیوانیی دەرەکی، دەتوانێ لەو خاڵانەی خوارەوەدا دەستنیشان بکرێن:

١. وەرگرتنی پشتیوانیی دیپلۆماتیک بۆ ئەوەی گروپی جۆرج تاون لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە وەک تاکە بەدیل و ئاڵترناتیوی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بناسن و حیسابیان بۆ بکرێ. لەوەدا سەڵتەنەتخوازەکان ئامانجیان زیاتر ئەوەیە پێشاوبڕکەی موجاهیدینی خەڵق بدەنەوە و پێش بە نفووزی موجاهیدین بگرن کە شێلگیرترین و ڕێکخراوترین حیزبی ئێرانییە، دژایەتیی قووڵ و بنەڕەتی لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکان و گەڕانەوەی سیستمی دەسەڵاتی پاشایەتی بۆ ئێران هەیە و لە دەرەوە نفووز و پێوەندیی

بەربڵاوی لەگەڵ وڵاتانی جۆراوجۆر لەوانە لەگەڵ کۆماریخوازەکانی ئەمریکا و لە وڵاتانی ئۆرووپاییشدا هەیە.

٢. وەرگرتنی یارمەتیی دارایی لە وڵاتانی دەرەوە یان هەوڵدان بۆ ئەستاندنی بڕێک لەو پووڵ و سامانەی کۆماری ئیسلامی کە لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بلۆکە کراوە، بە ناوی گەیاندنی یارمەتی بۆ خەڵکی ئێران بەو جۆرەی لە خاڵی کۆتایی ئامانجەکاندا هاتووە.

٣. ئیزۆلە کردنی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی تەسلیم بێ و ڕێگا بە دەستاودەست کردنی هێمنانەی دەسەڵات بدا. واتە دارێژەرانی مەنشوور داکۆکی لە ئینقلابی هێمنانە و بەدوور لە توندوتیژی دەکەن. بە جۆرێک کە لە ئاکامی ئینقلابدا دەسەڵات بەتەواوی نەڕووخێ و هەیکەل و ستروکتۆری سیستمی بەڕێوەبەری و دامودەزگا ئیداری، ئەمنییەتی و سەربازییەکانی تێکنەچن. بەو جۆرەی مەنشوورییەکان مرخیان لێ خۆش کردووە، بە هۆی گوشاری دەرەکی و بە پاڵپشتی بەرپرسانی ناڕازی کە ڕەنگە لەداهاتوودا لە کۆماری ئیسلامی هەڵگەڕێنەوە، ڕێژیم مل بۆ

دەستاودەست کردنی هێمنانەی دەسەڵات ڕادەکێشێ. ئەمە لە پاراگرافی کۆتایی ئەم بەشەی مەنشووردا ئاماژەی پێ کراوە و تێیدا هاتووە؛ هەنگاوەکانی دواتر بە بەشداریی ئەکتەرەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ناوخۆی ئێران لەسەر عەدالەت بۆ دەستاودەست کردن، پێکهێنانی شورای دەستاودەست کردن و ڕێگاکانی ئەو دەستاودەست کردنی دەسەڵاتە بۆ حکومەتێکی دێموکراتیک، نەتەوەیی و سیکۆلار ڕادەوەستێ.

بە سەرنجدان بەوە کە ئاڵقەی دەوری ڕەزا پەهلەوی بە زۆربەی واژۆکەرانی مەنشوورەکەشەوە، لە باڵی ئیسلاح تەڵەبی کۆماری ئیسلامی تەنراوە، وا دیارە ئومێدی پەهلەوی بە پەیوەستبوونی ڕێژەیەکی زیاتر لە ئیسلاح تەڵەبانی حکومەتییە تا لە دەوری ئەو کۆ ببنەوە و بە یەکەوە بەرەبەرە کۆماری ئیسلامی بەرەو سیستمێکی سیکۆلاری پاشایەتی ڕابگوێزن.

خاڵی یەکەمی مەنشوور جۆری حکوومەتی داهاتووی ئێران بە ریفراندۆم و بە دەنگی خەڵک ئەسپاردووە. کارێک کە خومەینیش دوای سەرکەوتنی ئینقلابی ١٣٥٧ کردی. بەو واتایە هەر کام لە واژۆکەرانی مەنشوورەکە و ئەندامانی گروپی جۆرج تاون ئەگەر جیاوازییەکیان سەبارەت بە جۆری حکومەتی داهاتووی ئێران هەبێ، ئەوە دوای ڕووخانی ڕێژیمی ئێستا، لە ریفراندۆمێکدا و لە ڕێی دەنگی خەڵکەوە یەکلایی دەکەنەوە. بەو پێیەش مەنشوور ڕێگای بۆ گەڕاندنەوەی سیستمی پاشایەتی و سەڵتەنەتی کە ڕەزا پەهلەوی نوێنەرایەتیی دەکا، بە کراوەیی هێشتووەتەوە. ئەگەریش وا فەرز بکەین کە ئەندامانی ئەو گروپە هەرکام لاگری جۆرێک سیستمی حکوومەتین یان بەسەر دوو یا چەند بەرەدا دابەش دەبن، ئەوە ڕەزا پەهلەوی وەک نوێنەری سیستمی پاشایەتی شانسی زیاتری لە پێنج کەسەکەی دیکە هەیە. ئەو شانسە بە سەرنجدان بە ناسراویی ڕەزا وەک کوڕی شا، کارنامەی پێوەندیی شا لەگەڵ وڵاتانی جیران و وڵاتانی ڕۆژئاوای دێموکراتیک، پشتیوانیی دامودەزگا سەرکوتکەرە پارێزراوەکان بەو جۆرەی

مەبەستیانە، دەستڕۆیشتویی ئابووری و پشتیوانیی زۆر و بەربڵاوی میدیایی، لە ڕەوتی زەماندا زیاد و زیاتریش دەبێ و دوا جار دەکرێ پەهلەوی وەک قارەمان و ڕزگاریدەری ئێران و ئێرانییان بە خەڵک بناسێندرێ.

مادەی دووهەمی مەنشوور کە دەکرێ وەک یەکێک لە شابەیتەکانی ڕێککەوتنی نێوان ڕەزا پەهلەوی و عەبدوڵڵا موهتەدی چاوی لێ بکەین، تایبەت بە مافی گەلان و جۆراوجۆرییەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێرانە. ناوەرۆکی ئەم بەندە بەر لە هەر شتێک بیرهێنەرەوەی "مەنشووری حقووقی شارۆمەندیی حەسەنی ڕووحانی"یە کە ساڵی ١٣٩٥ لە کێبەرکێی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا پێشکەشی کرد. نەک هەر بەکاربردنی ناوی "مەنشوور" بەڵکو لە ناوەرۆکیشدا مەنشووری جۆرج تاون شتێکی زیاتر لە مافی شارۆمەندی بۆ نەتەوەکانی ئێران تێدا نییە. لەو مادەیەدا وەک هەمیشە سەرەتا لایەنی کورد سوێند دراوە کە

دەبێ یەکپارچەیی خاکی ئێران بپارێزێ. بۆ ئەوەش کە هەستیاریی بابەتەکە لە کورد بشارێتەوە، دەستەواژەیەکی جیاوازی بەکار هێناوە؛ لەباتی پاراستنی گشتایەتیی خاک (حفظ تمامیت ارضی) دەستەواژەی پاراستنی یەکپارچەیی نیشتمان (حفظ یکپارچگی سرزمینی) بەکار هاتووە کە لە وەرگێڕانی دەستەواژەیەکی عەرەبی بۆ سەر زمانی فارسی زیاتر نییە.

بابەتی پاراستنی "تەمامییەتی ئەرزی" یان "یەکپارچەیی نیشتمانی" لەو بابەتانەیە کە هەستیاری و پێناخۆشبوونی زۆری لای کوردان و نەتەوە مافخوازەکانی دیکەی ئێران پێکهێناوە. ئەم بابەتە لەڕاستیدا هۆی هەڵاواردن لە نێوان فارس و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، بە هەرەشە زانینی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بۆ سەر گشتایەتیی خاک و یەکپارچەیی وڵاتی ئێران، فارس بە خاون زانین و بە کۆیلە دانانی کورد و نەتەوەکانی دیکە، ئامرازی سەرکوتی ئەم نەتەوانە و بیانووی سەرەکی بۆ نابەرابەریی نەتەوەکان و پێشێلکردنی مافەکانیانە. ئەم چەمکە بنەمای تاوانبارکردن بە

"تەجزیە تەڵەبی"ی خاکی ئێرانە و فارسەکان تەنیا ئەو کاتانە بیر لەو یەکپارچەیی‌یە دەکەنەوە کە لەگەڵ کوردێک یان یەکێکی تر لە نەتەوە مافخوازەکان لە دانوستاندا بن. واتە بە ئاشکرا وەک بێگانەیەک هەڵسوکەوت لەگەڵ کورد و ئەو نەتەوانە دەکەن و لە هەموو دانوستانێکدا دەبێ سەرەتا سوێندی هەڕەشە نەکردن لە یەکپارچەیی خاکی وڵات دەرخواردی کورد و ئەو نەتەوانە بدەن. بەوەش پێش دانان بەهەر مافێک، کورد وەک تاوانبارێک دەخەنە حاڵەتی بەرگری لەخۆکردنەوە. دواتریش هەر جۆرە هەوڵی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی، دەخرێتە ناو چوارچێوەی شکاندنی ئەو سوێند و بەندەی کە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی و گشتایەتی خاکی ئێران بەسەریدا سەپاوە.

هەموو ئەوانەش لە حاڵێکدایە کە بابەتی "تمامیت ارضی" یان بە ئینگلیزی Territorial Integrity لە عورفی نێونەتەوەییدا پێوەندی بە مافە نێونەتەوەییەکانەوە هەیە و بابەتی ناوخۆیی وڵاتان نییە. بەو پێیەش پێملکردنی نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی

ناوخۆی وڵاتێک بە پاراستنی گشتایەتی خاکی وڵات، دەچێتە چوارچێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ بێگانە و بە بێگانە زانینی ئەم نەتەوەیەوە. بە پێی ئەو بنەما نێونەتەوەیی‌یە کە لە بەندی ٤ی مادەی ٢ی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە و بابەتی پاراستنی تەمامییەتی ئەرزی بە مافێکی ڕەوای نێونەتەوەیی ناسراوە، "وڵاتە سەربەخۆکان ئەو مافەیان هەیە کە لەبەرامبەر دەوڵەتێکی دیکەدا، بەرگری لە سنوورەکان و خاکی وڵاتەکەیان بکەن." بەرامبەر بەوە، ئەوەی لە عورفی نێونەتەوەییدا پێوەندی بە ناوخۆ و پێوەندی بە مافی گەلانەوە هەیە، مافی دیاریکردنی چارەنووسە بە مافی جیابوونەوەشەوە نەک پێمل کردنی نەتەوەیەکی چەوساوە بە پاراستنی گشتایەتی خاکی وڵاتێک کە دەیچەوسێنێتەوە. بە قەولی دوکتور هێمنی سەیدی، بابەتی تەمامییەتی ئەرزی نەک نابێ وەک مەرج بەسەرە نەتەوە بێ مافەکاندا بسەپێندرێ بەڵکو دەبێ مەرجدار بکرێ بە پاراستنی مافی ئەو نەتەوانەوە. بابەتێک کە بەداخەوە عەبدوڵڵای موهتەدی لەم سەرەتای ڕێککەوتنی

نێوان هێزەکانی سەر بە نەتەوە بندەستەکان و لایەنە ناوەندگەراکاندا، ئاوەکەی خراپ ڕشت.

عەبدوڵلا موهتەدی و نیزیکانی تا ئێستا چەند جار هەوڵیان داوە گۆڕانی دەستەواژەی "تمامیت ارضی" بە "یەکپارچەیی نیشتمانی" وەک دەسکەوتێک بە کورد بقەبڵێنن. ئەم هەوڵەش یەکەم جار لە کۆنفرانسێکدا کە لە شاری بۆنی ئاڵمان بە مەبەستی ڕێگە خۆشکردن بۆ واژۆی مەنشوورەکە هاتە ئاراوە، درا بەڵام قسەکەی سەرسوڕمان و تەنانەت پێکەنینی بەشدارانی لێکەوتەوە. بۆخۆی و نیزیکەکانی دواتریش هەوڵیاندا "یەکپارچەگیی سەرزەمینی" بە شتێکی جیاواز نیشان بدەن و وا بنوێنن کە ئەوە زیاتر پێوەندی بە دەرەوە و لەبەرامبەر هێرشی دەرەکیدا هەیە بەڵام وەک هەر لێکدانەوەیەکی بێ پشتیوانە، پێشوازیی لێ نەکرا. سەرەنجام لە کۆبوونەوەی تیرگان لە تۆرێنتۆ، موهتەدی دانی بەوەدا نا کە دوو دەستەواژەکە جیاوازییان نییە و تەنیا لەبەر ئەوە گۆڕیویانە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەناوی

"تمامیت ارضی" جنایەتی زۆری لە کوردستان کردووە! وەک بڵێی هیندەی کێشەی لەگەڵ بە عەرەبی بوون و فارسی نەبوونی دەستەواژەکە هەیە ئەوەندە لەگەڵ ناوەرۆکی دەستەواژەکە و ئەو جنایەتانەی بە ناویەوە ئەنجام دراون و دەدرێن، نییە. وەک ئەوە وایە بڵێین مادام کۆماری ئیسلامی بە سێدارە خەڵکی زۆری لە کورد کوشتووە، داوا دەکەین لەوە بەدوا بەجێی سێدارە، بە فیشەک یان بە چەقۆ لەو نەتەوەیە بکوژن!

بەڵام ئەم چەمکە بۆ ڕەزا پەهلەوی گرینگتر و حەیاتیتر لە هەموو بەندەکانی دیکەی مەنشوورەکەیە. ئەو وەک نمادی ئێرانیبوون، فارس تەوەری، ناوەندگەرایی، دەسەڵاتی پاشایەتی و لە هەمووی گرینگتر زامنی یەکپارچەیی و "تمامیت ارضی" ئێران خۆی بە خەڵک و بە لایەنگرانی دەناسێنێ. بە تایبەتی لەبەرامبەر کورد و نەتەوە مافخوازەکانی دیکەی ئێراندا. بۆیەش بێ بوونی ئەم

چەمکە لە ڕێککەوتن لەگەڵ کورددا، دەستبەتاڵ و مایەپووچ دەمایەوە.

لەبەرامبەر ئەو پێملکردنەی کورددا، بەشی دووهەمی ئەو بەندەی مەنشووریش کە باس لە بوون و پەژراندنی جۆراوجۆریی زمانی، قەومی، مەزهەبی و فەرهەنگی دەکا، هیچی بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکە تێدا نییە. هیچ ڕوونی ناکاتەوە کە ئەو قەبووڵ کردنە بۆ چییە و قەرارە چ بێ و چ بۆ ئەو جۆراوجۆریانە دەبێ بکرێ؟! قەبووڵ کردنی ئەو جۆراوجۆریانە لە نەفسی خۆیدا بابەتێکی سواو و کۆنە و تازەیی تێدا نییە. لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیشدا ئەو جۆراوجۆرییە پەژرێندراوە و داکۆکی لە فرەقەومی و فرەزمانی و فرەدینیش هەیە بە بێ ئەوەی مافی ئەو جۆراوجۆرانە دیار بێ و مافە سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی خۆیان پێ ڕەوا ببیندرێ.

بابەتێکی گرینگی دیکەی ئەم بەندە، بەکاربردنی وشەی قەوم بە جێگای میللەت بۆ نەتەوە بێ مافەکانی ئێرانە. ئێرانییەکان لای

خۆیان وایان داناوە کە لە پێکهاتەی چەند قەوم، میللەت پێکدێ و کۆی قەومەکانی ئێرانیش، میللەتی ئێرانیان پێکهێناوە. دیارە لەو پێناسەیەدا فارس وەک قەوم ئەژمار ناکرێ بەڵکو بەپێی جێگە و پێگەکەی، بۆخۆی خودی میللەتەکەیە. هەتا ئەم ساڵانەی دوایی تەنانەت نکۆڵی لەوەش دەکرا کە ئێران زمانی جۆراوجۆری تێدابێ و لەسەر بنەمای هەمان پێناسە لە میللەت و میللەتایەتیی فارس، زمانەکانی دیکەش "گویش" و زاراوەی زمانی فارسی بوون. ئێستاش فەرهەنگی ئەو نەتەوانە بە فەرهەنگی ناوچەیی و محەللی ئەژمار دەکرێن و ڕەسمییەتیان نییە. ئەوە یانی هەموو ئەو قەوم و "گویش" و فەرهەنگانە دەبێ لە خزمەت یەکگرتوویی نەتەوەیی ئێران و دەوڵەمەند کردنی زمان و نەتەوە و فەرهەنگی ئێراندا بن و نەتەوە و زمان و فەرهەنگی ئێرانیش هیچ نییە بێجگە لە نەتەوەی فارس، زمانی فارسی و فەرهەنگی فارس لە ناوەند. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە پێکهاتە، زمان، فەرهەنگ، هەست و شوناسخوازیی ئەو نەتەوانە لەگەڵ پێناسەی ئێرانییەکان بۆ میللەت و بۆ میللەتی ئێران یەکتر ناخوێننەوە. بەشێکی زۆرتر لەو نەتەوانەی کە ئێرانییە

ناوەندگەراکان بە قەومیان دەناسێنن و بە پێکهێنەری نەتەوەی ئێرانیان دەزانن، لەگەڵ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران نەتەوەی بەناوبانگ و ناسراون. کوردەکان لانیکەم لە سێ وڵاتی عێراق، تورکیە و سووریەدا، بلووچەکان لە دوو وڵاتی پاکستان و ئەفغانستانیشدا، عەرەبەکان لە  بیست و دوو وڵاتی عەرەبیدا و تورکمەنەکانی باکووری ڕۆژئاوا و تورکەکانی ئازەربایجانیش لەوبەری سنوور وڵاتانی سەربەخۆی تورکمەنستان و کۆماری ئازەربایجانیان هەیە. بۆ عەرەبێکی ئەحواز بە دڵنیاییەوە زیاتر هەست بە هاونەتەوەبوون لەگەڵ عەرەبێکی دەرەوەی سنووری ئێراندا دەکا تا بلووچێک لە خاش یان گیلەکێک لە ئامۆل. تورکێکی زەنجانیش هەمان هەستی لەگەڵ تورکێکی باکۆدا هەیە و بۆ کوردێکی سنەییش هەستی نیزیکایەتی لەتەک کوردێکی سلێمانی زیاترە تا فارسێک لە شیراز.  بە کورتی ئەگەرچی لە مەنشوورەکەدا باسی "میللەتی ئێران" نەکراوە و تەنیا باس لە "حکومەتی میللی" هاتووە بەڵام هەر ئەوە کە نەتەوە بێ مافەکان، کە لەبەرامبەر فارسەکاندا دەرەجەی دووهەم و

سێهەمن، بە قەوم ناویان هاتووە، نیشانەی ئاشکرای زاڵبوونی ڕۆحی ناوەندگەرایی و ئیرانشەهری بەسەر نووسەرانی مەنشووردایە بە مەبەستی درێژەدان بە بەڕێوەبەریی وڵاتی ئێران لەژێر هەمان دروشمی سواوی یەک میللەت و یەک پەرچەمدا.

ئەوەی کە لەم ڕستەیەدا و لە کۆی بەندەکەدا دەیتوانی جێگای دڵخۆشیی ستەملێکراوان بێ، نەک نەفسی دانان بە فرەیی کە وەک گوترا شتێکی تازە نییە و هیچ نییە بەڵکو دانان بە بەرابەریی ئەو فرەیی و ئەو جۆراوجۆریی زمانی، قەومی، مەزهەبی و فەرهەنگییە دەبوو کە نووسەرانی مەنشوور بۆ نەهێنانە خوارەوەی پلەی زمانی فارسی، نەتەوە یان قەومی فارس و فەرهەنگی ناوەندگەرا ئامادە نەبوون دان بەو بەرابەرییەدا بنێن. بەکورتی لەو بەندەدا بێ ئەوەی هیچ بە نەتەوە بندەستەکان و پێش هەموان بە نەتەوەی کورد ڕەوا ببیندرێ، بەناوی پاراستنی یەکپارچەیی نیشتمان هەناسەیان لێ بڕیوە.

بەندی سێی مەنشوور باس لە کەم کردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند دەکا لەڕێگای دانی دەسەڵاتی دارایی، بەڕێوەبەری و سیاسەت داڕشتن بە ناوەندە هەڵبژێردراوەکان لە ئاستی پارێزگا، شار و ناوچەکاندا. لایەنی کورد گەرەکیەتی ئەمە وەک جۆرێک فیدراڵیزم لێکبداتەوە لە حاڵێکدا هەر ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیشدا ئەو باس و تەقەلایانە لەئارادان و لەژێر ناوی شووراکانی شار و دێدا بەڕێوەش دەچێ بێ ئەوەی هیچ دەسکەوت و قازانجێکی نەتەوەیی هەبێ.

بەندی ٤ و ٥ باس لە دانانی ناوەندی سەربەخۆی هەڵبژاردن و قەبووڵ کردنی چاوەدێریی نێونەتەوەیی بەسەر هەڵبژاردندا و هەڵبژاردن بۆ مەجلیسی دامەزرێنەران دەکا. ئەو بەندانە ئەگەرچی لە جۆری خۆیاندا دێموکراتیکن بەڵام قازانجێکیان بۆ کورد و دابین بوونی مافەکانی نییە. چونکە لێرەدا نەتەوەکان وەک پێکهێنەرانی وڵاتی ئێران حیسابیان بۆ نەکراوە و تەنیا تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایانەن کە وەک تاک دەتوانن دەنگ بدەن. سروشتییە لە

وەها حاڵەتێکدا کورد و هەموو کەمینەکانی دیکە هەر بە کەمینەیی دەمێننەوە و هەڵبژاردنی پڕش و بڵاو شوێنی ئەوتۆی لەسەر چارەنووس و چارەسەری کێشەکانی ئەو گەلانە نابێ.

بەندی ٦ کە کەوتووەتە پاژی مافی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤایەتییەوە، بۆ نەتەوە بندەستەکان جێی سەرنجە؛ "پەژراندنی فرەیی و جۆراوجۆری لە کۆمەڵگای ئێراندا و کۆشان بۆ لابردنی هەڵاواردنە مێژوویی و هەنووکەییەکان. پەژراندنی جێگای زمانەکانی دایکی لەسەر بنەمای یاسا و کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەییەکان." ئەمە دەیتوانی ڕووناکاییەک بێ بۆ ستەملێکراوان بەڵام ئەوەندە ناڕوونە کە سبەی ڕۆژ هەر کەس دەتوانێ لەژێری دەربچێ. بۆ وێنە هیچ ڕوون نییە مەبەست لە یاسا و کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەییەکان ئاماژە بە کام بەندی کام کۆنوانسیۆن و کێهە ماف دەکا؟! کۆمەڵێکی بەربڵاو لە کۆنوانسیۆن و مادە و بەندی جۆراوجۆر هەن هەر لە سەرکۆنەکردنی دەسەڵاتەکان سەبارەت بە پێشگرتنیان لە

فێربوونی زمانی دایک بۆ منداڵان تا مافی خوێندن بە زمانی دایک لەهەموو ئاستەکانی خوێندندا. مەنشوور هیچ ڕوونی ناکاتەوە کە مەبەستی کامیانە. ئەوەش لەحاڵێکدایە کە لە بەندەکانی دواتری پێوەندیدار بە مافەکانی منداڵان، ژنان، کرێکاران و... بە ڕوونی لینک بە کۆنوانسیۆن و مادەی پێوەندیدار دراوە.

لە مادەی ٩ی مەنشووردا پرۆتۆکۆلی میساقی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان لینک دراوە کە حکوومەتی ئێستای ئێرانیش ئیمزای کردووە بێ ئەوەی کاری پێ بکا. لەو پرۆتۆکۆلەدا مافی خودموختاری و مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی بۆ نەتەوەکان بەرچاو گیراوە. ئەمە دەیتوانی بەندێکی باش بێ بۆ نەتەوەی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکە لە داهاتووی ئێراندا بەڵام لە هیچ جێگایەکی مەنشووردا دان بە نەتەوەبوونی ئەو نەتەوانە نەنراوە و بە ئێرانی فرەنەتەوەدا نەنراوە و تەنیا ئاماژە بە بوونی قەومەکان کراوە. سروشتییە کە ئەم مافانە قەوم نەگرێتەوە. بەو پێیەش لە ڕوانگەی نووسەرانی مەنشووردا

مەبەست لەم بەندە "میللەتی ئێران"ە و ئەوە کە خەڵکی ئێران بتوانن لە ڕێگەی ریفراندۆم و دەنگدان بتوانن چارەنووسی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یەکلایی بکەنەوە. بابەتێک کە لەچوارچێوەی سیاسەتەکانی مەنشوور و سیاسەتی ڕووخانی کۆنترۆڵکراو یان دەستاودەست کردنی عادڵانەی دەسەڵات دەگونجێ.

مادەی ١٢ی مەنشوور دادخوازی بۆ سەرجەم قوربانیانی دەستی کۆماری ئیسلامی لەلایەن کۆمیتەکانی دۆزینەوەی ڕاستییەکانە کە بەندێکی پێویست و چاوەڕوانکراوە. بەڵام ئەوەی لەوبەندەدا غایبە دادخوازیی قوربانیانی دەستی ڕێژیمی پێش لە کۆماری ئیسلامی و سەردەمی دەسەڵاتی ستەمشاییە کە مەنشوور هیچ لای لێ نەکردۆتەوە. بۆ وێنە گەلی کورد کە لەدەست هەردوو ڕێژیمی ئیسلامی و پاشایەتی نەهامەتی چێشتووە، دەبێ ئەو مافەی

هەبێ کە لە دادگایەکی عادیلانەدا پێشێلکاریی مافەکانی لەلایەن هەردوو سیستمەوە، بداتە دادگا و داوای داد بکا.

بەندی ١٣ی مەنشوور یەک لەو بەندانەیە کە نارەزایەتیی زۆری لێ کەوتووەتەوە؛ هەڵوەشانەوەی سپای پاسداران و تێکەڵکردنی هێزەکانی سپا لەگەڵ ئەرتەش. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە هەتا ئێستا چەندین کارزاری دەیان هەزار کەسی بۆ بە تیرۆریست ناساندنی سپای پاسداران لەلایەن یەکێتیی ئۆرووپا و وڵاتانی دێموکراتیک، هاتووەتە ئاراوە. مەنشوور هەوڵ دەدا باڵ بەسەر سپای پاسداراندا بکێشێ و لەنێو ئەرتەش و هێزە چەکدارەکانی دیکەدا جێگای بۆ بکاتەوە. هێزێک کە هەر ئێستا لانیکەم لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بە هێزێکی تیرۆریستی ناسراوە و ئەگەر هەوڵەکانیش بۆ بە تیرۆریستی ناساندنی سپا لە ئاستی بەرینتردا سەربکەون، ئەوە تاک بە تاکی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە تاوانبارن و دەبێ بە تاوانی ئەندامەتی لە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیدا دادگایی و سزا بدرێن. لەوەش زیاتر ئێستا ئیدی سپای پاسداران

جیاواز لە کۆماری ئیسلامی نییە. بەشی زۆری ئابووریی وڵات و جومگەکانی دەسەڵات لەدەست خۆیدایە. لەوەش گەڕێین کە ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی ئیدی ئەو ئەرتەشی زەمانی شا نییە. بەڵکو هێزێکی چەکداری تەسفیەکراوی تەیار بە بیروباوەڕەکانی کۆماری ئیسلامییە کە جگە لە دەسەڵات، هیچی لە سپا کەمترە. بەڵام وەک گوترا مەنشوور و نووسەرانی هیندەی کێشەیان لەگەڵ بەشە ئیسلامی، مەزهەبی و فەقیهێکەی دەسەڵات لەئێراندا هەیە ئەوەندە لەگەڵ دامودەزگاکانی سەرکوت، هەڵسوکەوتی ناوەندە سەرکوتکەرەکان و دەزگا گەندەڵەکانی ئەو ڕێژیمە ناتەبا نین.

ڕستەی کۆتایی بەندی ١٣ لە دیکەی بەندەکەش بۆ نەتەوەی کورد و نەتەوە بندەستەکان بەئازارترە؛ "ئەرکی ئەرتەش بەرگری لە یەکپارچەیی خاکی نیشتمانە"! ئەمە لەڕاستیدا تەواوکەری بەندی دووی مەنشوورەکەیە کە تێیدا لەبەرامبەر داننان بە فرەیی زمانی، قەومی، نەتەوەیی و.. جەختی لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی

نیشتمان کردووە. ئەسڵێک کە پێمان دەڵێ ئەگەر ئەو نەتەوانە پێی پێمل نەبن، ئەوە لەگەڵ ئەرتەش بەرەوڕوو دەبن.

ئەم بابەتە کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی خواستەکانی کورد بەبیر دێنێتەوە. لەسەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئەرکی سەرکوتی خواستە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان بە ئەرتەش درا. فەرمانە شوومەکەی بنیسەدری سەرکۆماری ئەوکات لەو پێوەندییەدا بوو کە فەرمانی بە ئەرتەش دا تا سەرکوتی خەڵکی کوردستان بەندی پۆتینەکانیان شل نەکەنەوە. دوای دامەزرانی سپای پاسداران، بەرەبەرە ئەم ئەرکە بە سپا درا. بەڵام لێرە و بە پێی ئەم بەندەی مەنشوور، بە تێکهەڵکێش کرانی سپا لە ئەرتەشدا، ئەرکەکە بە هەردوویان بە هاوبەش ئەسپێردراوەتەوە. لەداهاتوودا و لە ئەگەری کەوتنەسەر دەسەڵاتی نووسەران و باوەڕمەندان بە مەنشوور، هەر جووڵە و نارەزایەتییەکی مافخوازانەی نەتەوە بندەستەکان دەتوانێ بە هەڕەشە بۆسەر یەکپارچەیی خاکی وڵات پێناسە بکرێ و دەتوانن

ئەرتەش بۆ پاراستنی ئەو یەکپارچەیی‌یە فەرمان بدەن. ئەوەش لەحاڵێکدایە کە ئەرکی ئەرتەش لە وڵاتانی پێشکەوتوو و لە حاڵی پێشکەوتندا و لە کۆماری ئیسلامیشدا بەرگری لە هێرشی دەرەکییە نەک سەرکوتی نارەزایەتیی نەتەوە بندەستە مافخوازەکانی ئەو وڵاتە.

بەندەکانی تا کۆتایی نێو مەنشوورەکە زیاتر لەبەر ئەو سەرەڕۆییانە نووسراون کە کۆماری ئیسلامییان پێ یاخی بووە و وڵاتانی دێموکراتیک لەو ڕێژیمەی داوا دەکەن. لەوانە پێوەندیی ئاشتیانە لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، پێملبوون بە کۆنوانسیۆنی ئەمنییەتی و ناوکی، پاراستنی ژینگە و کۆنوانسیۆنی ئێف. ئەی. تی. ئێف. بۆ ڕوونکردنەوەی ئابووری و بەرگری لە گەندەڵی. نەک هەر ئەو بەندانە بەڵکو زۆربەی بەندەکانی مەنشوور و ئەو بابەتە ناڕوونانەش کە بە ڕواڵەت بۆ ماف و ئازادیی بندەست و ستەملێکراوان لە مەنشووردا هاتوون، نەک هەڵقوڵاوی باوەڕی

نووسەران و دارێژەرانی مەنشوور بەڵکو پتر بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وڵاتانی ڕۆژئاوا و داکۆکی لە بەها رۆژئاواییەکانن تا بتوانن لەو ڕێگایەوە سەرنجی کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و ئەوان بە تاکە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بناسن. تەنانەت ئەو ژێستە دێموکراتیکانەی وەک بە هەڵبژاردن کردنی سەڵتەنەت کە ڕەزا پەهلەوی بە پێچەوانەی لاگرەکانی لەخۆی نیشان دەدا هەر لە چوارچێوەی ئەو مەبەستەدا جێ دەگرن.

لەپاڵ ئەوانەدا کە سەبارەت بە ناوەرۆکی مەنشوور گوترا، لاگرە کوردەکانی مەنشوور جاری وایە هەوڵ دەدەن هێندێک شتی لاوەکی وەک دەسکەوتی ئەم مەنشوورە بە نەتەوەکەیان بناسێنن. بۆ وێنە ئەوە کە هێندێک جەماعەتی شاپەرەست پێیان وابێ بەو مەنشوورە شاکەیان کەوتووەتە مەترسییەوە. ئەوەش دەلیلێکی بێ جێیە بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانیی ئەو نەتەوانەی کە بەحرێک خوێنیان بۆ گەیشتن بە مافە سەرەتاییەکانی نەتەوەیی و ئینسانی خۆیان داوە و دەبینن ئیمزاکە هیچی بۆ ئەوان تێدا نییە. ئەو پاساوە

له سەرکەوتووترین حاڵەتدا وەک سەودایەکی ئاوایە کە ڕەزا پەهلەوی واز لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە تەختی پاشایەتی بێنێ و لەبەرامبەردا کوردیش دەست لە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی هەڵگرێ!!
یان ئەوە کە لە مەنشوورەکەدا باسی یەک نەتەوە و یەک زمان و یەک پەرچەم و شتی ئاوای تێدا نییە، دەلیلی ڕەدکرانەوەی ئەو شتانە نییە کە لە سەردەمی پاشایەتیدا و هەر ئێستاش لە سیستمی دەسەڵاتدارەتیی ئێراندا جێگیرن. باس لە "تەکەسور" و "تەنەوع" پتر دەچێتە خانەی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئازادیی جلوبەرگ و ئازادیی ڕەگەز و... و دەتوانێ هیچ پێوەندیی بە ئازادیی نەتەوە بندەستەکانەوە نەبێ. بەگشتی هەموو ئەو شتانەی بە ناوی دەسکەوت لەو مەنشوورەدا بە کورد دەفرۆشرێنەوە بە زیادیشەوە لە قانوونی ئەساسی نگریسی جمهوری ئیسلامیدا هاتوون کە وەزعی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکە ئاوایە.

***

شۆڕشی ژینا یان شۆڕشی #ژن_ژیان_ئازادی بەر لە هەر پێناسەیەک، شۆڕشی شوناسخوازیی‌یە. شۆڕشی ئەوانەی لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا و لەلایەن هەردوو دەسەڵاتی پاشایەتیی و ئیسلامییەوە، بۆ بە فارس کردن، بە شیعە کردن و بە پیاو کردنی سیستم و کۆمەڵگا، شوناس و مافیان پێشێل و ئازادییەکانیان لێ زەوت کراوە. بەڵام ئەو شۆڕشە وێڕای شوناسخوازبوونی، یەکگرتووخوازانەشە. وێڕای شوناسخوازبوونی، پشتیوانیی لە شوناسی ئەویدیکەش دەکا. بۆ تورکێکی ئازەربایجان شانازییە کە وێڕای داکۆکی لە مافەکانی خۆی، پشتیوانی لە مافەکانی گەلی کوردیش بکا و بڵێ "ئازەربایجان ئۆیاخدی کوردستانە دایاخدی". بۆ خانمە ئەکتەرێکی فارس شوورەیی نییە ئەگەر پلاکاردی دروشمی ژن_ژیان_ئازادی بە هەمان زمانی دایکیی دروشمەکە، بەرز بکاتەوە. بۆ بەندکراوێکی ئیسفەهانی ئاسایی‌یە کە لەبەر دەرگای زیندانەوە بە کوردی

دروشمی ژن ژیان ئازادی بدا یان بۆ بلووچێک له بلووچستانەوه هاوار بکا؛ کوردستان تەنیا نییە، بلووچ پشتیوانییە. بێجگەلەوانە خواستی بەرابەری لەنێوان ژن و پیاو، فارس و نەتەوەکانی دیکە و تەنانەت لەنێوان زمانەکانیشدا خاڵی هاوبەشی نیزیک بە تەواوی دروشمەکانی ئەو شۆڕشەیە. شتێک کە بەداخەوە لە مەنشووردا نییە و ڕوانینی لەسەرەوە بۆ خوارەوەی نەتەوەی باڵادەست و دەسەڵاتخوازەکانی هەروا بەسەر ناوەرۆکەکەیدای زاڵە. لەڕاستیدا غایبی هەرە گەورەی مەنشوور، ڕۆحی شۆڕشی ژینا بەسەر مەنشوورەکەدایە. مەنشوور زیاتر لەوەی هەڵقوڵاوی ڕۆحی ئەم شۆڕشە، زێدی ئەم شۆڕشە و خواستەکانی شۆڕشگێڕانی سەر شەقام بێ، چاو لەدەستی وڵاتانی ڕۆژئاوایە تا بەڵکو تاقمی جۆرج تاون بە "بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی" و بە تاکە ئاڵترناتیوی ڕێژیمی جمهوری ئیسلامی بناسێ. دەیهەوێ زیاتر لەوەی کە هەیە سەنگ و قورسایی پێ بدرێ . هەر بەو سەنگ و بەردە دڵخوازەی خۆیشی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و پشتیوانی لێ بکرێ. غافڵ لەوەی کە مەشرووعییەت ئەگەر لە

ڕەوتی خەبات و لەلایەن خەڵکی ناوخۆوە بە هێزێک یان ئۆپۆزیسیۆنێک نەدرێ ئەوە هەرگیز لەڕێی کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە دەستەبەر نابێ.

سەبارەت بە واژۆی لایەنی کوردی لەژێر ئەم مەنشوورە، لەڕاستیدا ئەگەر نەشبا ڕەنگە فەرقی مەنشوور تەنیا هێنانەوەی دەستەواژەی "تمامیت ارضی" وەک خۆی با و نووسەرانی هەستیان بە پێویستیی وەرگێڕانەوەی دەستەواژە عەرەبییەکە بۆ سەر زمانی فارسی بۆ "یەکپارچەیی سەرزەمینی" نەدەکرد. چونکە وەک باس کرا مەنشوور ڕوو بە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە پێی نرخ و بەها ڕۆژئاواییەکان نووسراوە و بەو پێیەش نەیدەتوانی شتێکی لەوە کەمتر بێ. بەڵام واژۆی کەسایەتیی یەکەمی یەک لە دوو حیزبی پێکهێنەری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نەتەوە بندەستەکان، بۆ سوننەمەزهەب و ئایینە پەڕاوێزەکان، بۆ کورد و بۆ ناوەندی هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران و تەنانەت بۆ حیزبی کۆمەڵەش بێ دەسکەوت و بە خۆڕایی بوو.

تا ئاستێک کە هیچکام لەوانە بە حیزبی کۆمەڵەشەوە تا نووسینی ئەم دێڕانە ئامادە نەبوون پشتیوانی لێ بکەن و موهتەدی لەم نێوەدا بە تەواوی لە کۆمەڵگای سیاسیی کوردستان و کۆمەڵگای ستەملێکراوانی ئێران تەریک خراوە. بەڵام بەو حاڵەش ئەو پەیوەستبوون و واژۆکردنە زیانی زۆری لە یەکگرتوویی ناوماڵی کورد دا. ناوەندی هاوکاری وەک تاکە پێکهاتەی بانحیزبی کە بە دەیان و سەدان هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان لەسەر بانگەوازی ئەو ناوەندە دژ بە کۆماری ئیسلامی چوونە سەر شەقام، مانیان گرت، خوێنیان دا، گیران یان ئەتک کران، دوای ئەو واژۆیە بە کردەوە تووشی جەڵدە هات و مەگەر بە تێگەڕانی خوێنی تازە ئەگینا ئاستەمە ڕۆحی دەبەر بێتەوە. لە ماوەی شەش مانگی ڕابردووشدا، بەخاتری هەوڵی لایەک لە دوو لایەنی ناوەندی هاوکاری بۆ پەیوەستبوون بە گروپی جۆرج تاون، نە ڕێگا بۆ پەیوەست بوونی حیزبەکانی دیکەی کوردستان و بەرین کردنەوەی ناوەند هەبووە و نە لەبەر دڵی ئەندامانی دیکەی ئەو گرووپە، کارێک بۆ چالاک کردنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی

فیدڕاڵ کراوە. کارکردن لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوی سەر بە نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران و پێکهێنانی هەر یەکگرتووییەک لە نێوان نەتەوەکان بە کردەوە پەک خرابوو. تەنیا قازانجێک کە ڕەنگە لە بوونی موهتەدی لەو کۆڕەدا هەبێ قازانجی تاکەکەسی و تا ڕادەیەک حیزبییە. ڕەنگە زیاتر لە لایەنەکانی دەرەوەی ئەو گروپە بۆ سەر تلویزیۆنە سەڵتەنەت تەڵەبەکان بانگ بکرێ و ئەگەر گروپی جۆرج تاونیش لەداهاتوودا توانی یارمەتییەک لێرولەوێ وەرگرێ، ئەوە ئەویشی لێ بێبەش نەکرێ.

ژێدەر:

- منشور همبستگی و سازماندهی برای آزادی (مهسا)
- بزاڤی ڕۆشنگەریی ژنانی کوردستان: ڕاگەیاندی پەسەند نەکردنی منشوور مهسا"
- منشور حقوق شهروندی – حسن روحانی

- جایگاه زبان مادری در حقوق بین‌الملل
- کۆمەڵێک ستاتووس یان لێدوانی بەڕێزان دوکتور هێمن سەیدی، دوکتور کامڕان مەتین و کاک تەیمووری مستەفایی سەبارەت بە مەنشووری مەهسا
- اصل تمامیت ارضی یا تمامیت سرزمینی در حقوق بین الملل عیدمحمد عزیزپور
- ویکیپێدیای فارسی